# جوانترین تەسریحە بۆ هەموو یادێک



جۆرەها تەسریحەی قژ جوانی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆیە دەبێ ئەو جۆرە تەسریحەیە ئامادەبکەین ئەوەی لەگەڵ شێوازی قژ و جۆری قژی هەر خانمێك دەگونجێت، ناکرێت گشت جۆرە تەسریحەیەك یان مۆدەیەکی قژ ئامادە بکەین بۆ هەر قژێك، چونکە گشت جۆرە تەسریحەیەك بۆ هەر قژێك لەوانەیە نەگونجێت، بەڵام لێرەدا باسی تەسریحەیەکی ناسکتان بۆ دەکەین، دەکرێت بۆ گشت جۆرە قژێك ئامادە بکرێت..

تەسریحەی کلۆشی بە لوولە، مۆدەیەکی تازەیە لە بواری تەسریحە تازەکانی خانمان، شێوەی دواوەی لوولە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لوولەکان وەك ئەڵقەی کراوە دەبێت، شێوەی پێشەوەش بەرەو دواوە دەبەسترێت و بەمەش جوانییەکی گەورە دروست دەکات بۆ تەسریحەیەکی قژ، لە وێنەکاندا شێوەیەکی جوان دەردەکەوێت لە تەسریحەی کلۆشی لوولە، بۆیە بە جوانترین تەسریحە دادەنرێت و بۆ گشت شوێنێك دەکرێت ئامادە بکرێت.





# بە کەمترین تێچوون

پاراستنی کەرەستەکانی ماڵ وەك ئەرکێکی گرنگە بۆ پاك ڕاگرتنی شت و مەك، لەگەڵ ئەوەی دەبێتە ڕێگەیەك بۆ ڕازاندنەوەی هەر لایەنێك لە لایەنەکانی ماڵ، دەتوانین شێوازی کەرەستەکانیش بگۆڕین بۆ شێوەی دیکە بەتایبەتی لە ژووری میواندا، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی پۆشاك یان قوماشی تایبەت بۆ سەر هەر کەرەستەیەك بمانەوێت جوانتر یان گۆڕانکاری بەسەر شێوەکەیدا ئەنجام بدەین.


# دەتەوێت گەرماوەکەت خاوێن و جوان بێت؟!

گرنگی دان بە گشت بەشێکی ماڵ وەك پێویستییەکی سەرەکییە لە کارەکانی خانمان بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی ماڵێکی جوان و ڕێکخراو بکەن، ئەو گرنگی دانەش لە هەنگاوە سەرەتاییەکان تاوەکو گشت لایەنێکی بچووك لە ماڵ دەبێت، یەکێك لەوانەش بریتییە لە پاك ڕاگرتنی ژووری گەرماو، مەرجێکی سەرەکی ئەو ژوورە پێویستە پاك و جوان بێت.

ئەمانەش چەندین هەنگاون بۆ زیاتر ڕازانەوەی ژووری گەرماو :

- ڕووناکی ژووری گەرماو دەبێ زۆر بێ و بە شێوەیەك ئەزیەتی چاو نەدات، چاکترە لە ڕەنگێکی تایبەت بێت وەك : زەرد – شین – سپی.
- ڕەنگێکی ناسك هەڵبژێرە بۆ دیوارەکانی ژوورەوەی گەرماو، زیاتر ڕەنگی شین – سپی بەکاردەهێنرێت.
- دانانی ئاوێنەی زۆر لە ژووری گەرماو، ئەمەش دەبێت لە (٣) لاوە کەمتر نەبێت، بوونی ئاوێنە یارمەتیدەرە بۆ ڕووناکی زیاتر و جوانکردنی ژووری گەرماو، بەڵام زیاتر جوانترە ئاوێنەیەکی گەورە هەبێت.
- پاکراگرتنی کەرەستەکانی گەرماو، لەگەڵ دانانی هەر کەرەستەیەك لە شوێنێکی گونجاو و دیاری کراو.
- شووشتنی ژووری گەرماو (٢) جار لە هەفتەیەك، ئەمەش بۆ کوشتنی میکرۆب و شتە پیسەکان.






# ملوانکە زیوییەکان لە ئێکسسواری ئەمساڵدا



خانمان بە بوونی ئێکسسوارە جوانەکان زیاتر ڕازاوەتر و ناسکیان پێوە دەردەکەوێت، ئەمەش دەوەستێت لەسەر ئەو ئێکسسوارەی هەڵدەبژێردرێت بۆ پۆشین، جوانی ئێکسسوار لەوەدایە کاتێك شوێنێکی جەستە زیاتر جوانتر بکات لەوەی بەبێ ئێکسسوار بێت، لێرەدا باسی جوانی ئێکسسواری ملوانکە و خەناوکە دەکەین، ئەوانەش وەك ئێکسسوارێکی ناسك مل و جەستەی خانمان دەڕازێنێتەوە.

ئەوەی لەم وێنانە دەبینن چەند ئێکسسوارێکی ملوانکەیە، شێوەیەکی جوانی دەرخستووە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ شێوەی ڕووخسار و جلوبەرگەکە خۆی گونجاندووە، جوانی ئەو ئێکسسوارە لە شێوازی نەخشەکەیەتی، لەگەڵ ئەو ڕەنگە زیوییەی لێوەی ڕەنگ کراوە، بەمەش دەتوانین سوود لە ئێکسسواری ملوانکە وەربگرین بۆ ئەوەی جەستەی خانمان زیاتر ڕازاوەتر بکات.





# ژووری میوانت بگۆڕە

یەکێك لەو کەرەستانە بریتییە لە قەنەفەی دانیشتن، بەهۆی ئەوەی کاری لەسەر دەکرێت و لە شوێنێکی بەرچاو دادەنرێت بۆیە دەبێ بە جوانترین شێواز بڕازێنرێتەوە و ناسکی پێوە دیار بێت، ئەوەی دەیبینن ڕێگەیەکە بۆ پۆشاندنی قەنەفە لە قوماشێکی تایبەت وەك ئەوەی قەنەفەیەکی دیکە لە جێگەی دانرابێت، بۆیە دەتوانن گۆڕانکاری بەسەر کەرەستەکان بهێنن، ئەمەش لە ڕێگەی پۆشاکی ئامادەکراو بۆ سەر کەرەستەکان.

# بە ئەڵقەیەک پەنجەکانت بڕازێنەوە



خانمان دەبێت بە جوانترین شێواز دەربکەون، ئەمەش لە گشت لایەنەکانی جوانی و شێوازەکانی گرنگی دان بە کەرەستە و بەشەکانی جەستە بۆ ئەوەی ڕازاوەیی پێوە دیار بکەوێت و ناسکیش لە ئێکسسوارە سەرەکی و دەرەکییەکان دەربکەوێت، یەکێك لەو کەرەستە سەرەکییانە بریتییە لە ئەڵقەی پەنجە، ئەمەش جوانییەکی گەورەی پێویستە بۆ ئەوەی بە ڕازاوەیی و ڕەنگێکی جوان خۆی نیشان بدات.

چەندین جۆرە ئەڵقەی پەنجە هەن، بەڵام دەبێ جوانترینیان هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی لە پەنجەکانی خانمان و بەتایبەت خانمانی بووك بە ڕازاوەیی دەربکەوێت، بۆیە ئەڵقەکانی ئامادەکراو لە ئەڵماس یان پۆشراو بە ڕەنگی ئەڵماس یەکێکە لەو ئەڵقانەی دەبێتە هۆکاری جوانی و ناسکی بۆ پەنجە و دەستی خانمان، ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکی تازەیە لە ئەڵقە تازەکان بۆ پەنجەی خانمان و بووکان.





# ئەو دوو خانمەی ئامادە نەبوون بەمردن لێک جیا ببنەوە

ئەو وێنەیەی دەیبینن دروست کراو نییە بە بەرنامەکانی کۆمپیوتەر، بەڵکو راستەقینەیە و وەرگیراوە لە وڵاتی مالی دەکەوێتە کیشوەری ئەفریقیا، ئەو دوو خانمە جەستەیان بەیەکەوەیە، ئەوەی سەیر بێت هاوشێوەی یەکترن، هە لە تەمەنی منداڵییەوە بەم شێوەیە لە دایك بوونە، تا ئێستاش بەردەوامن لە ژیان.

سەرەتا بیریان لە نەشتەرگەری کردەوە بۆ ئەوەی رزگاریان بکەن، بەهۆی ئەوەی جەستەیان لە ریژەیەکی زۆر بەیەکترەوەیە، بۆیە ئەگەر نەشتەرگەری بکرێن، دەبێ یەکێکیان بمردایە بۆ رزگار کردنی ئەوەی دیکە، بۆیە نەشتەرگەرییەکە رەت کرایەوە لەلایەن هەردوو خانمەکە و کەسوکاری، تەمەنی ئێستایان (٢٥) ساڵە، کۆئەندامی هەر یەکەیان جیاوازە لەوەی دیکە، کەوتۆتە ژێرەوەی پشتیان، ئەمەش وای کردووە لە ژیان بمێنن!





# جوانترین منداڵی جیهان

جوانی بۆ گشت مرۆڤێکە و تەنیا ئەوە نەبێت جیاوازی لە رێژەی جوانی هەیە لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە، ئەوەی ئەو منداڵە ببینێت بە جوانترین منداڵی دادەنێت، چونکە منداڵەکە جوانییەکی گەورەی هەیە، تەمەنی ئەو منداڵە ئێستا (٢) ساڵە، لە وڵاتی ئوسترالْیا، ئەو وێنانەش لە تەمەنی بچووکی و ئێستای وەرگیراوە.

لە دوای پێشبرکێیەکی گەورە لە یەکێك لە گۆڤارەکانی ئەو وڵاتە ئەنجامدراوە و بەمەش ئەو منداڵە ناوی (ساین)ە، جوانی ئەو منداڵە لە رەنگی شینی چاوەکانیەتی، لەگەڵ لێوێکی ناسك، هەروەها پرچێکی زەرد وەك ئەوەی تازە مێش کرابێت. خۆتان سەیری ئەو منداڵە بکەن و بزانن منداڵی جوانتر لەو منداڵە هەیە!

# ناوقەد باریک

زۆرن ئەو ئافرەتانەی حەز دەکەن خاوەن ناقەدێکی باریك و ناسك بن، ئەمەش دەبێ کاری ریجیم و وەرزشی بۆ بکرێت تاوەکو ناوقەدی مرۆڤ بە تایبەت خانمان بەو شێوەیە بگات، ئەوەی دەیبینن ئافرەتێکە بە سرووشتی جەستەی خۆی ناوقەدی بچووکە، ئەوەی لە دوورەوە سەیری بکات دەڵێت لەوانەیە ناوقەدی بشکێت، چونکە



# خۆڵ خواردن لە

منداڵ هەندێك جار نازانێت هەر شتێکی بکەوێتە بەر دەستی دەیخاتە ناو دەمی و دەیخوات، زیاتریش خۆڵ و ئەو شتانەی لە زەوی هەن، بەڵام ئەو ئافرەتە بە تەمەنە وەك منداڵێك دەزانێت خۆڵ خراپە بۆ مرۆڤ، کەچی بە کۆمەڵ دەخوات و بەبێ ئەوەی شتێکی بەسەر بێت. ئەم ئافرەتە ناوی (سیسا)یە و لە وڵاتی نیوزیلەندایە، وەك لە



## ـــەکەی جیهان

سەرەوەی گەورەیە بەرامبەر بە ناوقەدەکەی.

ئـەو ئـافـرەتـە خەڵکی وڵاتــی هۆڵەندایە و، نـاوی (کایل)ە، تەمەنی ئێستای (٣٥) ساڵە و لە سەرتاپای جیهان خاوەن باریکترین ناوقەدە، هۆی باریکی ناوقەدی نازانێت و تەنیا ئەوە نەبێت بۆتە هۆی بەناوبانگی و نازناوێکی گەورە بۆ ئەو خانمە.







# قەمیسی سارد وگەرم کەوتە بازاڕەوە

کارە سەیرەکان بەرەو داهێنانی تازە ڕێگە دەگرن و بەمەش دەتوانن خزمەتێك بە مرۆڤایەتی بکەن، ئەوەی دەیبینن پرۆژەیەك بوو لە پێشوو کەچی ئێستا بوو بە بەرهەمێکی سەیر و بەسوود بۆ گشت کەسێك، ئیتر لە گەرمای هاوین ڕزگارمان دەبێت ئەمەش بەهۆی ئەو جلەی تازە داهێنراوە. لە وڵاتی ژاپۆن سەیرترین جۆرە جلك کەوتە بازاڕ، ئەم جلەش بەهۆی تەکنۆلۆژیا دەتوانێت سارد و گەرم بێت.

جلەکەش دوو پانکەی تێدایە و بۆ وەرزی هاوین کار دەکات لە دەرخستنی هەوای گەرم لەسەر پێست، ئەوەی دیکەش کار دەکات لەسەر نەمانی عەرەقەی پێستی مـرۆڤ، بۆ زستانیش بەهۆی هیتەرێکی بچووك لە پێش پانکەکان بۆ گەرم کردنی هەوای هاتوو بۆ ناوەوەی جلەکە بەمەش گەرم دەبێت.

## جیاتی خواردن

وێنەکەدا دەبینن پڕ بە دەستی خۆڵ دەخوات.

لە تەمەنی منداڵی فێری ئەو شتە بووە و تا ئێستاش ناتوانێت دەستبەرداری ئەو خواردنە خۆشەی ببێت، بەمەش دەبێتە یەکەم ئافرەت خۆڵ بخوات و بەبێ ئەوەی شتێکی بەسەر بێت، ئەوەی سەیر بێت وەك خواردن گشت جۆرە خۆڵێك ناخوات.



# گەورەترین کووپە بۆ قاوە و گۆشت سوورکردنەوە




بۆ تۆمارکردنی گەورەترین نازناو لە کتێبی ژمارە پێوانەییەکان، بە جۆرێك هەر کەسێك دەیەوێت لە ڕێگەی شتێك کارێکی سەیر تۆمار بکات، بۆیە لە وڵاتی ئوردن کۆمەڵە گەنجێك لە دوای ئامادەکردنی گەورەترین و سەیرترین کووپی قاوە خواردنەوەن، ئەوەی دەیبینن وێنەیەکە لە نموونەیەکی ئەو فنجانەی بڕیارە نزیکەی (٣٠٠٠) کیلۆگرام لە گۆشتی مانگا لە ناو ئەو کوپەیە ئامادەبکرێت.

ئەمەو پێشتر لە باشووری ئەفریقیا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرا، ئەمەو ئەوەی پێشوو گەیشتە (١٠٧٢) کیلۆگرام لە گۆشتی گیاندارە دەریاییەکان. ئەوەی سەیر بێت ئەو فنجانە بۆ گۆشت برژاندن و قاوە ئامادەکردن دەبێت، دەکرێت نزیکەی (٣٠٠٠)کیلۆ گۆشت و (٤٠٠٠) لیتر قاوەی بخرێتە ناو ئەو کووپە!






# سەیرترین نامە بۆ کوڕە کوردێک

دوای داواکارییەکی تایبەت و سەیر لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی گەیاندن لە وڵاتی ئەڵمانیا لە لایەن خانمێك بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی بگەڕێتەوە، لە داواکارییەکە هاتووە تەنیا داوا دەکەم ئەو دوو ڕستەیەم لە شێوەی نامەیەك لەسەر تاوەری تۆڕەکانی مۆبایل بۆ بنووسرێت ئەمەش دەکەوێتە گۆڕەپانی (ئەلیکسندەر)، وا پێدەچێت نامەکە بۆ کوڕە کوردێك بێت بە ناوی (سەفین).

خانمەکە ناوی (نیکۆل)ە و بڕە پارەیەکی زۆری داوە بۆ ئەوەی ئەو کارەی بۆ بکرێت، وەك لە وێنەکەدا دەبینن نامەیەکی تایبەت لەسەرەوەی تاوەرەکە دانراوە ئەمەش لە بەرزی (١٥٠) مەتر، لە نامەکە نووسراوە: (سەفین تۆم خۆشدەوێت و نامەوێت لێم بڕۆی تاوەکو مردن). وا پێدەچێت کوڕەکە کورد بێت و کەسیش نازانێت سەفین کێیە!



## بەشیری خۆی بێچووە پشیلەیەک بەخێو دەکات

ماوەیەك بەر لە ئێستا لە باخچەی سافاری لە وڵاتی چین، پلنگێکی دایك (٤) بێچووی دەبێت و کەچی توانای تەواوی نابێت بۆ ئەوەی ئەو چوار بێچووەی بەخێو بکات و شیریان پێبدات، بۆیە لە باخچەیەکی دیکە بە ناوی کینگداو سەگێك دەهێنن ئەویش تازە بێچووی ببوو، ئەمەش بۆ ئەوەی بێچووە پلنگەکان شیر بدات، ئەمانە شتی ئاسایین، کەچی ئەگەر سەیرێکی ئەو خانمە بکەین لە وڵاتی ژاپۆن، دەبێتە کارێکی تازە و سەیر لە دونیای شیر پێدانی بێچووەکان.

ئەو ئافرەتە شیر بە بێچووە پشیلەیەك دەدات، کاتێك لە شوێنێکدا دەیدۆزێتەوە و ئێستاش بە شانازی دەڵێت: ئامادەم ئەو پشیلەیە بە شیری خۆم گەورە بکەم !

## منداڵێکی (٢٥) ساڵ

ئەوەی سەیرێکی ئەو منداڵە بکات وەك منداڵێکی ئاسایی سەیری دەکات و بەبێ ئەوەی بزانێت ئەو منداڵە جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ گشت منداڵێکی دیکە، تەمەنی ئەو منداڵە تەنیا (٣) ساڵ دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەمی پڕە لە کۆمەڵە ددانێك بە شێوەیەك ئەوەی ددانەکانی ببینێت وادەزانێت تەمەنی (٢٥) ساڵە.

ئەو منداڵە گەورەیە ناوی (جیرلی لاینگۆ)یە و لە وڵاتی هیندستان ژیان بەسەر دەبات، تا ئێستاش هۆکاری هاتنی ددانەکانی ئەو منداڵە نازانرێت، تەنیا پێشبینی هۆی دەرکردنی هۆرمۆنێکە لە مێشك ئەوەی کار دەکات لە هاتنی ددانی مرۆڤ!








# ئوتۆمبێلی دوو ڕوو !

ئوتۆمبێلە سەیرەکان رۆژانە دەردەکەون، ئەوەی دەیبینن مۆدەیەکی تازەیە لە بواری دروست کردنی ئیتۆمبێلە سەیرەکان، لەلایەن ئەندازیارێکی ئۆکرانی توانی شێوەیەکی دیکەی ئوتۆمبێلە، مۆدەی ئەو ئوتۆمبێلە لە دوو روو پێکهاتووە.

ئەمەش بە مانای روویەکی جۆرە ئوتۆمبێلێکە و رووێکی دیکەش جۆرە ئوتۆمبێلێکی دیکەیە، ئەوەی سەیر بێت شێوازی ئەو ئوتۆمبێلە لە دوو مۆدەی ئوتۆمبێل پێکهاتووە، یەکێکیان مۆدەی تازە و ئەوەی دیکەش مۆدەی پێشوو.



## بە هیوای درێژترین سمێڵ!

دوای ئەوەی ئەو پیاوە هیندستانییەی بڕیاری دا ببێتە خاوەنی درێژترین سمێڵ لە جیهان، بۆیە تا ئێستا لە بڕیارەکەی سەرکەوتوو بووەو توانیویەتی بە جوانی خزمەتی سمێڵەکەی بکات، ئەوەی دەیبینن سمێڵیکە نزیکەی دوو مەتر و نیو درێژە، لەلایەن یەکێك لە کوڕەکانی بە دەستی هە ڵگیراوە بۆ ئەوەی لەسەر زەوی نەخشێت.

ئەو پیاوە ناوی (ئەلیهاند)ە و تەمەنی (٣٨) ساڵە، نزیکەی (١٧) ساڵە سمێڵی نەبڕیوە و بەمەش تا دوا تەمەنی لە خزمەتی سمێڵەکەی بەردەوامە بۆ ئەوەی درێژترین سمێڵ بێت کوڕەکەشی شانازی بە سمێڵی باوکی دەکات.

## بیبەری تیژ دەخوات و لە چاوەکانی دەکات

هەر کەسێك کاتێك بڕێك بیبەری تیژ دەکەوێتە ناو دەمی، یان بەر زمانی دەکەوێت لە کاتی نانخواردن، تا دەتوانێت خۆی دەرباز دەکات و بۆ ئەوەی لە تیژی بیبەر رزگاری ببێت، چونکە بیبەر مرۆڤ هار دەکات ! کەچی لەلای ئەو ئافرەتە پێچەوانەیە و حەزی بە بیبەری تیژە و، وەك خواردنێکی خۆش دەیخوات. ئەو خانمە لە وڵاتی مەکسیك دەژییێت و ناوی (ئەناندیتا تامۆلی)یە و دوای ئەوەی داوا دەکات نمایشێکی تایبەتی بۆ بکەن بۆ ئەوەی بە کۆمەڵ بیبەر بخوات و لەگەڵ کارێکی چاوەڕواننەکراو.

لە کاتی نمایشەکە نزیکەی (٥١) پارچە بیبەری خوارد، کارە چاوەڕواننەکراوەکەشی، بریتی بوو لە دانانی بیبەری تیژ لە ناو چاوەکانی بەبێ ئەوەی هیچی بەسەر بێت!




## کەلـــوەکـــان


### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩


تۆ کەسێکی لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی تایبەتت هەیە بۆیە هیچ کاتێك بایەخ بەو پڕوپاگەندانە مەدە کە دژی تۆ دەکرێن. بڕوات بە خۆت هەبێت و لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەیەکدا ئارام بە، پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدەی باش بیری لێ بکەوە.


### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەگەر داواکاری کەسانی لەخۆت بەرزتر ڕەت بکەیەوە پەشیمان دەبیتەوە. خاوەنی قسەی خۆت بە و ڕاستگۆ بە لەگەڵ دەوروبەرت، هەست بە دڵخۆشی دەکەی بەهۆی هەڵوێستی کەسی بەرامبەرت کە بەدرێژایی تەمەن لەگەڵت ئەبێت و دڵت خۆش دەکات.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم هەفتەیە کاتێکی گونجاوە بۆ دەستپێکردنی هەنگاوی گرنگ و هەستیار کە لەمێژە چاوەڕێی دەکەی، پەیوەندی و هاتووچۆت لەگەڵ دەوروبەرت دا زیاد ئەکات. ئەگەر لەکاتی دیاری کراوی خۆت پرۆژەکانت کۆتایی پێ بێنیت سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بایەخی زیاتر بە ڕێکخستنی باری دارایی خۆت بدە، دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ دەستکەوتنی کارێکی گرنگ کە لەوانەیە ژیانت بگۆڕێت، لەهەندێ لایەنی تایبەتی ژیانت هەست بە دڵتەنگی دەکەی بەڵام ئەگەر هەر کێشەیەکت بۆ دروست بێت چارەسەری بۆ ئەدۆزیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەبارێکی دەروونی باش دای، لە ڕۆژانی داهاتوو باشتریش دەبیت، هەستی بڕوا بەخۆبوون و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان لای تۆ زیاد بێت، لەبواری سۆزداریدا ڕەنگە ناسینی کەسێك ژیانت بباتە قۆناغێکی نوێ، تۆ کەسێکی وەفاداری و هەوڵبدە هەر وا بمێنیتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەم هەفتەیە بەهۆی سەرقاڵ بوونت بەکاری تایبەتی خۆت کەمتر ئاگات لە دەوروبەرت دەبێت، پێویستت بە بەسەربردنی کاتی خۆش هەیە لەگەڵ هاورێکانت، خەڵك تۆیان خۆش دەوێت بەهۆی دڵپاکی و توانای خۆت بەڵام هیچ کاتێك بیروڕای خۆت بەسەر کەس مەسەپێنە.

ئا/ هێمن قەسرەیی



## منداڵێک لە شێوەی مێروولە

لە دوا سەیرترین حاڵەتەکانی منداڵبوون لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە وڵاتی ئەمەریکا ڕوویدا، ئەو حاڵەتەش بریتی بوو لە منداڵێکی سەیر هەر لە دوای لە دایك بوون تووشی نەخۆشییەکی سەیر هاتووە و بەشی پشتەوەی جەستەی گەشە دەکات و ناوەستێت.

ئەوەی دەبینن منداڵێکە و بەشی ڕان و پشتەوەی وەك کیسەیەکی گەورە دەردەکەوێت و بەمەش دەبێتە سەیرترین حاڵەتی نەخۆشی و منداڵبوون.

## پشیلەیەک دەڵێت: من جیاوازم!

لە باخچەیەکی ئاژەڵان لە وڵاتی فنلەندا، سەیرترین پشیلەی مۆدێرن دەرکەوتووە، پشیلە وەگ گیاندارێکی بێوەفا دەناسرێت و هەردەم گیانداری وەك جووجەڵە و بێچووی بچووك دەخوات، کەچی ئەو پشیلەیە وەك جیاواز لە گشت پشیلەیەك، ئاگاداری کۆمەڵە جووڵەیەکی مریشکێکە دوای ئەوەی دایکە مریشك بەهۆی کارەساتێك دەمرێت. ڕۆژانە پشیلەکە ئاگاداری ئەو جووجەڵانەیە و پاسەوانییان دەکات لە گشت گیاندارێکی دیکە.



## بۆ ئاســــوودەیت

☺- ژنێك دەیەوێت قوربانی بکات و کاتێك مەڕێك ئامادە دەکات بۆ کاکی قەساب، پێش ئەوەی قەساب دەست بە کارەکەی بکات ئافرەتەکە دەڵێت، بووەستە با قوربانییەکە بکەم بۆ خاتری چەند کەسێك و دەڵێت: ئەو مەڕە خێر بێت بۆ دایك و باوکم، بۆ خوشکم و خێزانەکەی لە بەریتانیا، بۆ خاڵ و خاڵۆژنە فەقیرەکەم . قەسابەکەش بە قسە دێت و دەڵێت: ئەرێ خوشکە تۆ گۆرانی داواکراو پێشکەش دەکەیت یان قوربانی دەکەی!!

☺- لە یەکێك دەپرسن ناوی گۆرانیبێژێکی شاری هەولێرمان بۆ بڵێ، لە وەڵامدا کەسەکە دەڵێت :
حەمە ڕەئووف کەرکوکی!

## کامە گەورەترە سەگ یان ئەسپ؟!

گیاندارە شێوە گەورەکان چەندین شێوەی سەیر وەردەگرن لەوەی بچووك بن یان گەورە، ئەوەی لەلامان بچووك بێت وەك شتێکی جوان و خۆشەویست دەناسرێت، ئەوەی شێوەی گەورەش بێت دەبێتە حاڵەتێکی سەیر بۆ گشت لایەنێك، ئەوەی لەو وێنەیە دەبینن دوو مرۆڤن لەگەڵ دوو گیانداری دیکەی شێوەیان نزیکە لە یەکتر..

یەکێکیان ئەسپە و ئەوەی دیکەش سەگە، ئەو سەگە لە ئەسپەکە هەندێك بچووکترە، ئەوەش مانای گەورەترین سەگ نیشان دەدات و لە گشت سەگێك جیاوازی هەیە.




## وەڵامێکی خێرا

برناردشۆ گەورە نووسەری ئیرلەندا، جارێکیان لە بازاڕ دەبێت و لەوێوە تەلەفۆن دەکات بۆ ماڵەوەی و بە خێزانەکەی دەڵێت: چیت بۆ بهێنم و چیمان هەیە بۆ خواردن؟! خێزانەکەی لێ توڕە دەبێت لەوەی درەنگانی شەوە نەگەڕاوەتەوە ماڵ و بۆیە خێزانەکەی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ : زەهری مارمان هەیە بۆ خواردن !!


برناردشۆ دەڵێ: باشە گیانەکەم تۆ نانت بخۆ من نانم خواردووە !

# کەلـــــوەکـــــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

بە پێچەوانەی ویســتی خۆت کە حەزدەکەی ئەم ماوەیە پشوو بدەی، کارکردنت زیاد دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی خەڵك هەســت بە توڕەبوونت بکەن. لەکاتی تەنگانـەدا هاوڕێکانت بەهاناتەوە دێن، زۆر بیرۆکەی جوانت لەبەردەســتە ئێستا کاتی ئەوەیە جێبەجێیان بکەی.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

کەسانی خاوەنی ئەم بورجە خاوەنی توانایەکی زۆرن بەڵام نازانن چۆن بەکاری بێنن، پێویســتە هەســت بەم خاڵــە لاوازەی خۆیان بکەن، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشــەکانت لەگــەڵ نزیکترین کەســت، دەستکەوتێکی گرنگ بەڕێوەیە بۆ تۆ.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

گشت دەرگاکانی بەخت بە ڕووی تۆ دا دەکرێنەوە، ئەو شتەی لەمێژە چاوەڕێی دەکەی دەستی پێ بکە پێش ئــەوەی دەرگاکانت بە ڕوودا دابخرێن. هەرگیز لە بڕیاردان خێرا مەبە، هەفتەیەکی باشــە بۆ خوێندن و گەشت کردن، هەستی نزیکبوونــەوە لەو کەســەی لەدڵتایە زیاد ئەکات.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بە گرنگی بیر لە ســتراتیژییەتی خــۆت بکــەوە لەبــواری ژیانی تایبەتی و ســۆزداری و کارکردن و خێزانیدا. زۆر جار لەدەربڕینی هەســتی خــۆت بــۆ بەرامبەرەکــەت دوو دڵیــت، چالاکــی کۆمەڵایەتی و دیداری هاورێیان و سەفەرکردن هەنگاوی گرنگن کە پێویست جێبەجێیان بکەی.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

زۆربــەی بڕیارەکانت لەشــوێنی خۆیان دان، کەســێك هەوڵ دەدات تورەت بکات بەڵام باشــترین وەڵام بۆ ئەو کەســە بێدەنگییە. پێویســتە زیاتر گوێ بگریت نەك قســە بکەیت. وامەکە کێشــە تایبەتیەکانت کار بکەنە سەر تەواوی ژیانت چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی تۆ دا نییە.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

خاڵە لاوازی تۆ لەخۆشەویستیدا ئەوەیە کە زۆر بایەخ بە قســەی بەرامبەرەکەت نادەیت بۆیە ئەمە گومانی لای بەرامبەرەکەت دروست کردووە. هەوڵ بدە کێشــەکانت بخەیتە لایــەك و کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویســتەکەت بەســەر ببەیت و گوێ بە قسەی خەڵك مەدە.

hemntoni@yahoo.com

ت/ فەرهاد محەمەد ئازگەیی



**ئاسۆیی:**

١- دراوێکە- کچە گۆرانیبێژێکی خاوەنی وێنەکە.
٢-دەستوور(پ)- بزر- لۆ.
٣- نیوەی زم زم - ژمارەیەکە.
٤-شارێکە لە ئەمەریکا (پ)- میر.
٥- دووپیتی باش- دوو پیتی پەل.
٦-دوو پیتی دایە- شارێکە لە فەرەنسا- وڵاتێکی ئەمەریکییە.
٧- شارێکی کوردستانە- ڕوبارێکی کوردستانە- دژی نێر.
٨- گێژ(پ)- تەنیشت(پ).
٩-کارەساتێك بوو لە ئەندەنوسیا- نەخێر(پ).
١٠- دوو پیتی شێر- پیتێکی مۆسیقایە(پ).
١١- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ)- پرس- لاواز.
١٢- جۆرە شێرێکی منداڵانە- گیانلەبەرێکە.

**ستوونی:**

١- یارێزانێکی یانەی هەولێرە.
٢- پیتێکی مۆسیقایە(پ)- شاعیرێکی کورد بوو- دراوێکە(پ).
٣- لەدەست دەکرێ- وڵاتێکی ئەفریقیایە.
٤- پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکیە - وەکویەك جۆرە کاتژمێرێکە.
٥- -------
٦- تازە.
٧- ------
٨- کچە هونەرمەندێکی میسرییە- نەخێر(پ)- مانگی ئازار.
٩-یانەیەکی عێراقە(پ)- وڵاتێکی ئەفریقیە(پ).
١٠- مارکەیەکی وەرزشیە.
١١- هەوا(پ)- کچە هونەرمەندێکی فارسە خاوەنی وێنەی دووەم- بێ دەنگ.
١٢- کچە هونەرمەندێکی میسرییە- ناوێکی کچانە.

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دروستکەری ئاسمان و زەوی و مرۆڤ و هەموو بوونەوەرێك)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کچ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٧) کۆبکەیتەوە بە مانای (سوپەر مارکێتێکە لە هەولێر)
- پیتی خانەکانی (١+٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی خێرا)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ماندی مۆڕ) بوو